# هەسارەی شەڕ

## بۆی دەوڵەتی سکولاری خەڵکی کوردستانی سەربەخۆ
## نا بۆ دەوڵەتی عێراقی قەومی و مەزهەبی وشەڕی ناوخۆ

فازل عوسمان/سویسرا



### ڕوونکردەوەیەکی پێویست

پنتاگۆن ژیان و شوێنی ژیانی ئێمەی کردووە بە هولیودێکی ڕاستەقینە،کە ئەو وێرانکاری یەی ئەمرۆ لە عێراق و کوردستاندا ڕوو دەدەن لە هولیودەکەی (لۆس ئەنجلۆس) یش واوەتر چووە،ئەمە منی زۆر زۆر هەراسان کردووە،چی بکەم زۆرترین خەڵک ئاگادار بکەمەوە ،بە خەڵک بڵیم و ڕوونی بکەمەوە،ئەمە ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی نۆرمال نیە لە کۆمەڵگای عێراقدا ڕوودەدات،بەڵکو ئەمە فیلمێکی واقیعی یە،سیناریۆکەی پێش وەخت نوسراوەتەوەو بە ئێمە تەواو دەکرێت و دەرهێنەرەکەی پنتاگۆن وکەژاوەو مانگ و ئەستێرەکانێتی.بەداوای لێبوردن لە کەڵە هونەرمەندی مرۆڤ شارلی شاپلنی نەمر، خۆشەویستی دڵی چینی بەرینی کرێکاران و هەژارانی شار،داوای لیبوردنی تایبەت لە هەموو ئێوەی بەڕێز ،لە هەموو ئە بەڕێزانەی موخالیفن بەو خویندنەوەیەم بۆ فلمەکەی شارلی و لێکچواندنەکانم بۆ کەسەیاتی یە سەرەکیەکانی ئەو فیلمە، تەنها بۆ ئەوەی پڕ بە پێستی خۆی سایکۆلۆجی یەتی ڕەشی پنتاگۆن باشتر دەربکەوێت و ئەو ماهیەتە پیسەیان زیاتر ڕوون بێتەوە ،تەنانەت پنتاگۆن ناوڕۆکی ئینسانی ئەو فیلمەی هەڵگێراوەتەوە و لە قازانجی خۆی لە عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دونیادا سودی لێ وەردەگرێت وبەواقعی جێ بە جێ ی دەکات. حەتمەن ئەم خوێندنەوەیەی من عەکسی مەبەستەکەی شارلی یە،بەڵام دەمەوێت ئەوە بە ئێوەی ئازیز بڵێم بزانن پنتاگۆن چ دەکات؟

## فلاش باکێک

_شارلی لەو فیلمەدا(وەستای جامچی ماڵان)ە.کە من بە پنتاگۆن ،یان بە سەرۆکی هەسارەی شەڕی دەچوێنم(تشبیه). کە وەکوو وەستایەک بە شاراوەیی کرداری وێرانکاری وئاراستەکردن و شکاندنی جامی ماڵان دەباتە پێشەوە (لە ڕێگای منداڵ)ەکەیەوە ،دواتر هەر خۆی دێتەوە چاکی دەکاتەوە .لە ڕاستیدا ئەمە میکانیزمی پنتاگۆنە لە سەر تا سەری دونیا بە هارمۆنی یەکی کوشندەو وەحشەتناک بە پیلانی پێش وەخت داڕێژراو وهاوکاری ئەم منداڵانە لە هەر جێگایەک کە بیەوێت ئەنجامی دەدات.
_منداڵەکەی شارلی لەو فیلمەدا(جام شکێنی ماڵانە ،لەو گەڕەکانەی کە بابی(شارلی)، لێ نەبێت،واتا دوور لەو گەڕەکانەی کە وەستای جامچی تیایدا بەحیساب خەریکی کاسبی خۆیەتی،بۆ دوور خستنەوەی شوبهە لە خۆی)،کە من ئەو منالە بە (کەژاوە) لێک دەچوێنم،کە پەروەردە وئامادە کراوەو لە ژێر ئەمری ئەم هەسارەیەدایە.
ئەوەی جێ ی سەرنجە لەم فیلمەدا ئەوەیە کەجامچی (هەسارەی شەڕ) کاسبی یەکەی خۆی(پەیداکردنی فرسەتی ئیش بە وێرانکاری بە ئەنقەست) بە منالەکەی خۆی ئەنجام دەدا چونکە زۆر کەم منال دەبێتە جێ ی گومان .کە لێرەدا دەمەوێت ئەوندەی تریش بڵێم کەی پنتاگۆن کەسێکی کرد بە سەرکردەیەکی کاریزمی ئەوە بزانن دەیەوێت کارەساتێکی پێ ئەنجام بدات ئینجا درەنگ و زوو،هەر ڕاگەیاندنی پنتاگۆنە ئەو کەژاوانەی تاوانە گەورەکانی ئەم سەردەمەی ئێمەیان ئەنجام داوە کردوون بە کەسایەتی یەک لە سەردەمی خۆیدا کە جەماوەری سادە لە منداڵی جگەر گۆشەی خۆی زیاتریان خۆش بوێن.بەڵام لە

ڕاستیدا وانی یە ،ئەو کەسایەتی وسەرکردە کاریزماییانەی ئەم ناوچەیەی ئێمە تەنها بتێکن ئێمە دەبێت بیانشکێنین،کۆمەلگا دەکرێت ڕێکبخرێت وبەبێ ئەم ئاغاو کوێخایەش دونیا خۆشتر و باشتر دەبێت.

کەمێک بگەڕێینە دواوە لە مێژوو ، وادابنێ ئێستا ئێمە لە ساڵی 1979 داین، من دوو کەژاوەکەی هەسارەی پنتاگۆن واتا سەددام سیمبۆلی ڕاسیسزم وفاشیزم وخومەینی سیمبۆلی تیرۆرو ئیسلامیزم،لەم نوسینەمدا بەو منداڵە جام شکێنە دەشوبهێنم ،کە وەزیفەکەی تەنها جام شکاندنە و هیچی تر ،کە لێرەدا جام شکاندن یەکسان دەبێت بە دەسپێکی شەڕ ،هەڵگیرسانی شەڕ واتا داواکراو شەڕە،پنتاگۆن دەیەوێت ئەم ناوچەیەی هەڵوەشێنێتەوە، پنتاگۆن تەندەرێکی گەورەی فڕێدا واتا شەڕی کرد بە کاسبی لەم ناوچەیە،ئەوکاتە خۆ بە خۆ ئەم دوو کەژاوەیە چەندین مانگ و ئەستێرەی بۆ دروست دەبێت و وەکو ئەمیبا زیاد دەکەن.

## ئاسمانێکی تر هەیە و مومکینە

ئەم کەونە چەندین هەسارەی لە خۆ گرتوە،هەر هەسارەیەک لە کۆمەڵێک کەژاوەو ئەوانیش لە کۆمەڵێک مانگ وهەر مانگێکیش ژمارەیەکی زۆر لە ئەستێرە ،لە فەلەکی یەکتر و هەر هەموویان لە فەلەکی یەک هەسارەدا دەخولێنەوە،هەر لە مەشەوە هەر ئەستێرەیەک لە سەر بنچینەی هەسارە تایبەتەکەی خۆی پۆلێن دەکرێت کە ئەمە مەبدەئێکی زانستی بەڵگە نەویستە لە زانستی ئەستێرە ناسیدا،ئەگەر خولانەوە بکەین بە بنچینە ئەوا دەتوانین لە ناو کۆمەلگادا هەمان شتی بەڕوونی پێ ببینین، سەرمایەداری خۆی ئەم هەسارەیەو دوو کەژاوەکەی، کەژاوەی یەکەم: (ڕاسیزم،شۆڤینیزم،قەوم پەرستی کە سەددامەکان بەرهەم دەهێنێت)و کەژاوەی دووەم:(مەزهەبیزم،ئیسلامیزم،تیرۆریزم کە خومەینی یەکان بەرهەم دەهێنێت) کە ئەمانیش چەندین مانگ و ئەستێرە لە فەلەکیاندا دەخولێنەوە .

بوش و پنتاگۆن هەسارەیەکن،کەژاوەکانی ئەم هەسارە نەگریسە لەم ناوچەیەی خۆمان (لانی کەم هەموومان زانیاریمان هەیە لە سەر ئەم ناوچەیە،دەنا لە هەموو ناوچەکانی دونیادا بە هەمان شێوە کەژاوەی تری هەن)،بۆ نمونە (شارۆن،مۆشی دایان،کە ئەم دوانە وەک دوو کەژاوەی تیرۆری مەزهەبی جوو بوون) ،سەددام،شای گۆڕبەگۆڕی ئێران ،خۆمەینی ،سەرانی هەموو دەوڵەتە ڕاسیستەکانی عەرەب ،سەرانی دەوڵەتی چەنەڕاڵە ڕاسیستەکانی تورک، ئەم کەژاوە فەسساڵ وکەڵبە خوێناوییانەی لەمەڕ ئەم ناوچەیەی خۆمان بێ گومان چەندین مانگی درەوشاوەیان هەیە ولە دەوری ئەو کەژاوەیە دەخولێنەوە،ئەوانیش بارزانی باوک ،دواتر ئیدریس و ئێستاش بارزانی کوڕ،برایم ئەحمەد،تاڵەبانی ،ئۆجەلان ،یاسر عەرەفات،بن لادن ، قاسملو،دەبێت ئەوەندەش بڵێین کە هەندێک جار ئەم هەسارەیە خۆی خولانەوەی مانگێک بە دەوری کەژاوەیەکی دیاریکراوبۆ کەژاوەیەکی تر دەگوازێتەوە ،بۆ نمونە کاتێک تاڵەبانی لە فەلەکی سەدام (ساڵی66 )،دەخولایەوە،گوێزرایەوە بۆ فەلەکی خومەینی،هەروەها بارزانی کە لە فەلەکی شای ئێراندا دەخولایەوە،ئیتر لە دوای گۆڕبەگۆڕکردنی شا خزمەتەکەیان گواستەوە بۆ ناو سوپای پاسداران ،قاسملو ش بۆ فەلەکی بەغدا،یاسر عەرەفات بۆ فەلەکی سەدام،بن لادن وەک مانگێک لە کەژاوەکەی مەلیکی عەرەبستانی سعودی،کە هەردوو سەر بە هەسارەکەی پنتاگۆنن ئەمری خزمەتکردنەکەیان لە لایەن پنتاگۆنەوە بۆ ئەفغانستان دەرکرا،لە نێوان ساڵانی 1979 تاکو ڕوخانی حوکمەتەکەی نەجیبوللا، کە ئێستا بن لادن و مەلیکی عەرەبستانی سعودی وەک مانگ و کەژاوەیەک لەم هەسارەیەی پنتاگۆن مەیدانی خزمەتەکەیان هەموو پانتایی ئەم سەرزەمینەیە،چ گەوجێک هەیە،ئێستاشی لە گەڵدا بێت باوەڕ بەوە بکات کە بن لادن و مەلیکی سعودی دژایەتیان لە نیواندا هەیە؟. زەرقاوی و مەلاکرێکار وعەلی باپیر و مەلا عەبدولعەزیز وسەلاحەددین بەهائەددین،مانگەکانی کەژاوەکەی بن لادن ،زۆر ڕوون و ئاشکرایە بۆ هەموو کەس کە وەک بولبول بۆ مەلیکی عەرەبستانی سعودی دەخوێنن .

ئینجا لەم هەسارەیەدا کەژاوەکەی سەددام ئەمانە مانگەکانی بوون (وەفیق سامەرایی،عیزەت دوری،عەلی کیمیاوی،نەزارخەزرەجی،سەباح میرزا،بارزان و وەتبان وعودەی وقوسەی،تەها جەزراوی،تەها محێدین،فاضل البراک ،شێخ جەعفەر،سیروان جاف،کاکل ،تارق عەزیز،مەسعود ڕەجەوی ،قاسملو ، عەبدوللای موهتەدی ،ئیبراهیمی عەلی زادە ،شێخ عیزەددینی حوسەینی) هەریەک لەم مانگانە چەندین ئەستێرەیان هەبوو کە ئەمانەبوون ،مودیر ئەمنەکان ورەفیق حزبی یەکان ،سەرەک جاشەکان وەکو تەحسین شاوەیس،قالە فەرەج،فایلدارەکانیش سەڵماندیان ،کە بارزانی و تاڵەبانی دوو مانگی تایبەت بوون لە کەژاوەکەی سەدام ،کە نوشیروان و کۆسرەت و مەلا بەختیار و جەبار فەرمان و موستەفا چاوڕەش و شەوکەتی حاجی موشیر، مام ڕۆستەم ،سامی عەبدولرەحمان ،فرانسۆحەریری،وشیار زێباری نوری شاوەیس،سەعدی

بەرزنجی، موحسین دزەیی ،عارف تەیفور،حەمەی حاجی مەحمود،قادر عەزیز،حوسێن ئاغای سورچی لە هەر درەوشاوەترین ئەستێرەکان بوون.

کەژاوەکەی خومەینیش بێ گومان ،هەروەکو کەژاوەکەی سەدام ،چەندین مانگ ئەو مانگانەش چەندین ئەستێرە لەفەلەکەکەیدا دەخولێنەوە.عەبدولعەزیز ئەلحەکیم،سەدر،تالەبانی وبارزانی،مەلا عەبدولعەزیز،مەلا کرێکار،مەلا عەلی باپیر،سەڵاحەدین بەهائەدی لە مانگە هەرە ناسراوەکانن.

بێگومان هەسارەکەی پنتاگۆن کە ئەمڕۆ بوش دەیچەرخێنێت ،ئەو کەژاوەو مانگ و ئەستێرانەی کە لە فەلەکی ئەم هەسارەیەدا دەخولێنێتەوە ،یەک پرۆژەیان پێ جێ بەجێ دەکات ئەویش مێژوویەک بووە لە پرۆژەی شەڕ ،پرۆژەیەک کەبە تانی ڕق (کەژاوەی خومەینیزم-باپیرە گەورەی تیرۆر)،و پۆی قین( کەژاوەی سەددامیزم -شۆڤینیزم)وەکو دوو جەمسەری یەک پاتری،کە ئاشی ئەم مەکینەی شەڕە و مانگ و ئەستێرەکانیشی دەگێڕێت ،مێژوویەک ،بەکردەوە هەر هەموومان بە واقعی بە ئێسک و پرووسکی خۆمان تاقیمانکردۆتەوە ،مانگ و ئەستێرە ناسراو و پرشنگدارەکانیشی هەر ئەوانن کە ئێستا لە عێراقدا ،بە لە بەر چاوگرتنی هەندێک جێ گۆڕکێ ی تایبەت لە ئەسڵی هەمان وەزیفە کە ئەویش پرۆژەی شەڕە بۆ ئەم هەسارەیە دەبەنە پێشەوە.وە هەر ئەوانیش بوون ،هەر هەموویان پێکەوە (هەڵەبجەوئەنفالەکان و گۆڕە بە کۆمەڵەکان)یان خوڵقاند و ئەنجام دا،نەوەک بە تەنها سەددام هەروەکوو دەیانەوێت خەڵکی پێ هەلبخەڵەتێنن،چونکە بەتایبەتی هەڵەبجە و ئەنفال بەرهەمی شەڕ بوو کە هەسارەی شەڕ ئەنجامی دا.
ئەمانە یەک هەسارەن ،یەک سەجەرەن ،هەسارەی شەڕن،سەجەرەی شەڕن . گەورە بازرگانانی شەڕن ،لە ڕابوردوو ،لە ئێستاو لە داهاتوشدا تەنها وەک چۆن (بایع) وەکالەتی شەکروچایی پێدەدرێت ،ئەمانەش تەنها وەکالەتی شەڕ،هەتا ئێستاش هێز و پشتیوانیان لە پنتاگۆنەوە وەرگرتووەو وەردەگرن.
بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانن بیانبینن ،ئەوەتا چەندکەسێکن کە بەژمارەی پەنجەکان دەژمێردرێن لە بەرامبەر یەکدا ڕاگیراون لە هۆڵی مەحکەمە ،وا خەریکی ڕسوا کردنی یەکترین،دەرسیان لای پنتاگۆن خوێندووە و فێری گەمەکردن کراون و سەرەتا بەکۆمەکی میدیای چەواشەکەری پرۆ پنتاگۆنی دەکرین بە فس فس پاڵەوان لە بەرامبەر ئەوەی چۆن سۆزی ئێمە بدزن ،کۆمەڵێک مافیان لە بەرگی قورئان و جلی کوردی وعەگالی عەرەبیدا ،بۆ ئینسان هیجیان پێ نیە جگە لە ماڵ وێرانی بیانناسن، ببینن کە چۆن نەوەکانی پنتاگۆن بەربوونەتە گیانی یەکتر ،مەنزەرێکی زۆر خۆشە وەکوو مەنزەری ئەو گەلە گورگەن کە خەریکی خواردنی گورگە پیرەکە بن (سەددام) . ئەوان زۆر شت هەیە لە نێوانیان کە هەر یەکەیان ئەوی تر چاک دەناسێت،وە پنتاگۆنیش کەری خۆی لە هەموو کەس باشتر دەناسێت ، وە ئەوەی گومانی تێدا نی یە ئەوەیە ئەوەی ئێستا بارزانی و تاڵەبانی وجەعفەری و چەلەبی و عەللاوی بۆ پنتاگۆنی ئەنجام دەدەن ،تەنها لە ترسی ئەوەیە کە پنتاگۆن فایلەکانیان کەشف نەکات،واتە ئەوانیش وەکوو سەددام زیندانین، زەلیلی بن دەستی پنتاگۆنن .هەموو نهێنی و فایل و دۆکیومێنتەکانی سەفقەوکوشتاروبگرەو بەردەکانی ئەوڵ و ئاخیریان لەژێر دەستی پنتاگۆنە .ناچار یەک ڕێگایان لە بەردەمدایە ئەویش ڕێگای چرووکی و داردەستەیی و پێڵاودانانە بۆ داگیرکەر ،کە تەنانەت تاوانبارترین کائن کە( سەددام حوسێن)ە سەرکەوتوانە (جەعفەری،چەلەبی،عەللاوی،یاوەر،تاڵەبانی،بارزانی) ئیحراجی بارەگای جەماووەر کردووە.ببینن موەززەفە پێڵاودانەرەکانی پنتاگۆن چۆن کەوتونەتە ناو چڕوچڵپاوی تاوانە هاوبەشەکانیان یەک ئەویتر تاوانبار دەکەن،وەکوو قەلە ڕوو ڕەشەکان.
هەسارەی شەڕ ،واتا کەژاوە ومانگ و ئەستێرەکانی پنتاگۆن ،یەک خانەوادەن ،هەموو خزم و دۆست و فریاد ڕەسی گیانی بە گیانی یەکترن یەک سیفەتی جیاکەرەوەی هاوبەشیان هەیە ئەویش سیفەتی وەحشیگەری مرۆڤە کۆنەکانی تینوو بە شەڕ و خوێن ڕشتن و ترس و تۆقاندنە ،کە لەم ناوچەیەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئیسلامەکەی موحەممەد ئاوەکەی ڕشتووە،شەڕ وەک پەسەندترین ،خێراترین ،بەدیل حزوری فەوری هەیە لە عەقلی یەتیاندا. لە خوێنیاندا،کە لێواو لێوە لە هۆرمۆنی شەڕ .پەروەردە و شاگردانی ئەو موحەممەدەی کە هێشتا ئەندامان و لایەنگرانی لە پەنجەکانی دەست تێپەڕ نەدەبوون لە شاری مەککە (سریە النخلە)،پیاو کوژە نهێنی یەکانی پێکهێنابوو کە شاعیر و کەسایەتی وموخالیفەکانی لە ناو دەبرد ،بۆ ئەوەی عاممەی خەڵک چاوترسێن بن ،گوایە ئەمە خواکەی موحەممەدە ئەم شتانە قەبوڵ ناکات ،وە ئەوە خوایە جوبرائیل دەنێرێت و ئەمری پێدەکات ،ئەمە بنەچەی تیرۆرە بۆیە سەددامیش بە جەماعەتی (ئەبو طەبرە) و خومەینیش بە جەماعەتی (ساروالله) دەستیان پێکرد، ،بارزانی و ماڵی فاخر مێرگەسوری وماڵی حسێن ئاغای سورچی بارزانی بەرامبەر تاڵەبانی ،تاڵەبانی

بەرامبەر بارزانی ،تاڵەبانی بەرامبەر بە موخالیفینی خۆی کوشتوکوشتاری حزب و لایەنەکانی تر لە پشتاشان و قڕناقاو تەسفیەکردنی ڕابەرانی هەڵکەوتوو ،تیرۆری حەمە حەلاق و کادرانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق ،بنەچەی تیرۆر هەر ئەمەیە یەک کەس لە ناوبدە هەزار کەس چاوترسین دەبن،یەکیک سەربڕە شاریک تەسلیمت دەبن و لە هەڵبژاردن هەموو دەنگت پی دەدەن ودەبیت بە زل هیز ،زل هیز لیرە بەو مانایە چۆتە میشکی خەڵکەوە،کی بتوانیت باشتر سەرکوتت بکات زۆرینەی خەڵکی تۆقینراو ،یان ئالوودەکراو یان برسی کراو،بۆیە بە ناچاری لە ترسان دەنگتان پی دەدەن.قسەی من لە سەر ئەوەیە ئەم جۆرە پەروەردەیە وای کردووە تەنانەت لە دەروونی تاکی ئیمەدا هەمیشە بگەڕیینەوە بۆ بە دیلی شەڕ و خوین ڕشتن ،شەڕ و هیرش و کوتەک پەسەندترین هەڵبژاردەمان بیت بە زۆری زۆرداری دەئاخنریتە میشکمانەوە،تەنانەت لە گەڵ جگەر گۆشەی خۆشماندا تاکوو شەقازللەو چاوسورکردنەوە وەستا بیت قسەی خۆش و قەناعەت پی کردن پیشەی مرۆڤی هیمن ولە سەر خۆ و ترسنۆکە ،کە کەس حیسابی بۆ ناکات ،بەڵکوو بن لادن و زەرقاوی و مەلا بەشیر لە سەر میمبەر دادەنرین و تف و جوین بەسەر بەشی هەرە زۆری کۆمەڵگاکەماندا دەبەخشیننەوە ،وای لە تاک کردوە کە ئیدمانی چارەسەری فەوری و خیرا (کن فیکون ) بیت،نەک کاری هاوبەش و ڕیکخراو ونەخشە بۆ کیشراو،هەمیشە دەبیت سۆپەرمانیک بیت ،(بوش ) یک بیت ،هەموو کۆمەڵگا بڕوخینیت ئەمە چیە سەددام دەڕوخینیت ،یان سبەی بۆ ئەوەی خومەینی ،یان ئەحمەدی نەژاد لە ئیران بڕوخینیت دەبیت هەموو کۆمەڵگای ئیران خاپور بکات .

هەرکەس دەنگ با ،دەبیت ئەوەش قەبووڵ بکات کە دەنگ بۆ ئەو جۆرە بەدیلە دەدات، تاوان بار دەبیت لە بەرامبەر هەڵەبجەو ئەنفال وگۆڕەبە کۆمەڵەکان لە سەرانسەری عیراق. ئەگەر دەنگ بدەن سبەی ڕۆژ دەبی شەڕیشیان بۆ بکەن،تەماشای پاشماوەکانی بەعس بکەن ،ئەوانەی کاتی خۆی چەپڵەیان بۆ سەدام دەکوتا ،دەنگیان بۆ دەدا ،پنتاگۆن بە لیشاو بۆی هەڵدەڕشتن ،ئیستاش هەر پنتاگۆنە بەڵام ئەم جارە بۆ ئیوە پارەی هەڵڕشتووە،تاکو ئیوەش بکات بە شەریکە تاوانی هەڵەبجەو ئەنفال و گۆڕەبەکۆمەڵەکان و جینۆساید،تاکو دواتر تاکە یەک تاوانباری وەکو (ئەنرات )یشمان بۆ نەسەڵمینریت.نەکا ئەو کڵاوەتان بچیتە سەر ،نەکا خوین و گۆشت و ئیسقانی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە وئەنفالەکان وگۆڕە بەکۆمەڵەکانتان دەرخوارد بەنەوە.

وەرنە سەر شەقامەکان ،خۆتان ڕیکخراوبکەن ،ڕیزی جەماوەریتان بە هیز بکەن،لە ناو کۆنگرەی ڕفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان،چاوتان بکەنەوە ،وریا بن دەست لە ناو دەستی یەکتر بکەن،زۆر هیمنانە ،بەهانەی تەقە کردن مەدەن بەدەستەوە دڵنیابن وهیچ دوو دڵ مەبن لەوەی (ملازم دلیر) یک بنیرنە ناوتان حساباتی تەواو بۆ هەموو شت بکەن ، دام ودەزگاکانی ئەو پیلاودانەرانەی داگیرکەران،دەزگاکانی ڕادیۆ وتەلەفزیۆن و میدیاکانی ڕاگەیاندیان لە بن دەست دەربهینن ،تەمەنی هەسارەی شەڕ لەگەڵ تەمەنی مانەوەی پنتاگۆنە لە عیراق و کوردستان ،دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان وا بەڕیوە ،سەرۆکی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەبیت ڕۆژیک لە ڕۆژان جاشایەتی نەکردبیت ئەمە شەرتی ئەساسی سەربەخۆیی یە.

من لیم ڕوونە ئەگەر تەنها لە بەر ئەو شەرتە ئەساسی یەی سەرەوش بیت هەم بارزانی و هەم تاڵەبانی ئامادەن خۆشیان بتەقیننەوە ،بۆ ئەوەی کاریکی وەها بکەن دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان چەند سەعاتیک دوا بخەن،ئاخر بازرگانیکی شەڕ و سەربەخۆیی کوجا مەرحەبا ،بۆ 31 ئاب کلینتۆن بە (بارزانی) ووت :ئەگەر من پیش سوپای داگیرکەر بکەوم و بیهینمە سەر ووڵاتەکەم ،ئەوا هەر پاسەوانەکەی خۆم لە پشتەوەڕا تیربارانم دەکات،کە ئەم قسەیە بۆ (تاڵەبانی) ش هەر وایە چونکە سوپای پاسداران و دەبابەکانی حەرەس جمهوری هیچ فەرقیان نیە.

من هیچ خۆش خەیاڵ نیم بە (بارزانی) و (تاڵەبانی)و(جەعفەری)و(عەللاوی )و(چەلەبی)و(سیستانی) جونکە لیاقەی سەرۆکایەتی شتیکی ترەو سەرۆکایەتی ئەوان پەیوەستە بە مانەوەی پنتاگۆن ،(شلە خەجی)ش بەیعی نەهاتوە،ئەمە جگە لەو گەندەڵی یەی سەرتاپای هەسارەکانی گرتوونەتەوە،بەڵگەی تەواوە بۆ ئەوەی مانگە دەرەوشاوەکانی هەسارەی شەڕ ،بەهەمان شیوە خۆیان لە سلیمانی و هەولیر ودهۆک و بەغدا (ناوەڕاست) وجنوب سەرۆکی هەسارەیەکی مەحەللین کە ئەمانیش مانگۆکەو ئەستیرۆکەو تەوربەدەست و سالە مزەللی و ملازم دلیر و شیخ زانا و قەسر النهایە یان هەیە.

ئەمەش هەسارەکەی شەڕ

پنتاگۆن(بوش)

|

راسیزم وشۆفینیزم(کەژاوەکەی سەددام)+++++مەزهەبیزم وتیرۆریزم(کەژاوەکانی خومەینی، بن لادن، شارۆن)

| |

| |

| |

مانگەکان | مانگەکان

|

سەباح میرزا، خیرالله طلفاح، عیزەت دوری
عەلی کیمیاوی، وەتبان وبەرزان تکریتی
عودەی ، قوسەی، تەها جەزراوی
تەهامحیدین، فاضل البراک
شێخ جەعفەر، سیروان جاف،
طارق عزیز، نزار خەزرەجی
وەفیق سامەرائی ، بارزانی ، تالەبانی
عەللاوی، چەلەبی، یاوەر
مسعود ڕەجەوی، قاسملو، عبدالله موهتەدی
ئیبراهیمی عەلی زادە، شێخ عیزالدین حوسەینی

|

ئەستێرەکان

|

تەحسین شاوەیس وقالە فەرەج
هەموو مودیر ئەمنەکان ، ئیستخباراتەکان
نۆشیروان موستەفا، کۆسرەت، مەلا بەختیار
جەبار فەرمان، مستفا چاوڕەش
شەوکەتی حاجی مشیر، مام ڕۆستەم
سامی عبدالرحمن، فرانسۆحریری
وشیار زێباری، نوری شاوەیس
سەعدی بەرزنجی، موحسین دزەیی
عارف تەیفور، حەمەی حاجی مەحمود
قادر عزیز.سەعدی پیرە، چەندانی تر
کە بە گرینگی نازانم ناوی هەموویان بنوسم
چونکە من ویستم مەبەستەکەم ڕوون بکەمەوە

|

حاجی شێخ قادر، مەلا عەبدول عەزیز،
ئال سەدر، ئال حەکیم، جەعفەری، سیستانی،
مەلا کرێکار، عەلی باپیر
سەلاحەدین بەهائەدین، تاڵەبانی،
بارزانی

|

ئەستێرەکان

|

لێرەدا بە گرنگ دەزانم ئەوە بڵێم کە ئەستێرە
ناسراوەکان هەمیشە لە خولگە گۆرین دا بوون
دەتوانم بلێم زۆربەی( ئەندام پەرلەمانەکانی
کوردستان، ئەندامەکانی مەجلس تەشریعی و
تەنفیزی، ئەندامەکانی مەجلس حوکم، ئەندامەکانی
ئەندامەکانی پەرلەمانی ئێستای عێراق). ئەم دوو
گرووپ ئەستێرەیە لە دوای ڕاپەڕین ئەمری شەڕیان
پێدرا لە سەرەوە، بۆ لەکە دار کردنی ڕاپەڕین،
ئەم تاوانە مەزنەیان ئەنجام دا، ئەو ماوەیە
تەواو لێک جیابونەوە، لە دوای 31ئاب جارێکی تر
تێکەڵ بوونەوە.

\ /

\ /

\ /

|

|

مەسئول شوعبەکان وفرقەکانی بەعس، مەسئول لق و ناوچەکان
مەسئول مەڵبەندوکۆمیتەکان
(ئەمانە هەڵبژاردەکەی پنتاگۆنن ،قەول وایە ئێوە دەنگیان بۆ بدەن)

له كۆتاییدا ئەوەندە دەڵیم ،من خۆم دەنگ نادەم ،هەروەها هەموو كەس ئازادە دەنگ بدات یان نا ،بەڵام تكام وایە كەس نە خۆی نە بەرامبەرەكەی هەڵنەخەڵەتێنێ و بڵێ كارێكی ڕاستە ئەگەر بەشدار بم لە دەنگدان ،یان دەنگ بدەم یان دەنگ نەدەم وەك یەك وایە خۆ تازە ئەمەریكا چی بوێت هەر ئەوە دەكات ئەمە هەڵە خوێندنەوی وەزعەكەیە تكام وایە وشیار بن فریو نەخۆن وە دڵنیابن ئەمەریكا مەجبورە دوای ئێمە بكەوێت و ئەو ئیشی بە ئێمەیە هەتا 15 دیسەمبەر، لە دوای ئەوە ئێمە دەبێت بە دوای ئەودا عەودال بین یاخوا كەس حەوجەی دەستی كەس نەبێت ،نەخوازەڵڵا ئەمەریكا وپنتاگۆن ،دەزانم بەشێكی زۆری خەڵك بەر هەڵلا دەكەوێت ،تكام وایە خەتەری داهاتوو زۆر لەوە گەورەتربببینین كە ئینسان بەلاموبالاتی بەر هەڵلا بكەوێت،بە بێ ووشیار و تێ گەشتن ،قسەی ئەوەل وئاخری من هەر ئەوەیە كورد پێش هەموو لایەك زەرەرێكی زۆر زۆر گەورە دەكات ،وە دەبێت ئێمە وەك كورد بەشداری ئەو گاڵتە جاڕی یە نەكەین ،وە لە بنەڕەتەوە ئێمە وەكو كورد هەڵە بوو كە هێنراینە ناو ئەم گەمە دۆڕاوەوە،خەڵكی كوردستان زەڕبەی بەر كەوت ،هێنرایە دواوە ،بە كەلیمەیەكی كورت خەڵكی كوردستان فیڵی لێكراو كلاوەكەی نرایە سەر ئێستا كورد دەبێت خەبات بكات بۆ وەدەست هێنانی ئەو مافانەی كە بە ڕاپەڕین چەسپاندبووی ،بەڵام ئەمڕۆ پێم ناڵێن بۆچی دەبێت بەمونافەسەی لیستی جەعفەری و صالح موتڵەگ بیدۆڕێنێتەوە؟چ پێویست دەكات ؟

عێراق ئایندەیەكی زۆر ڕەش چاوەڕێی دەكات ،گومانی تێدا نی یە شەڕی ناوخۆ لە ئان و ساتایە و

مەسەلەی ڕەوا ئەمڕۆ شەڕی دەوڵەتی سەربەخۆی كوردستانە هەموو كوردێكی دلسۆز ئەوە لەسەر دڵ ومێشكی هەڵكۆڵراوە،نەك شەڕی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق.دواخستنی شەڕی دەوڵەتی سەربەخۆی خەڵكی كوردستان بڕیارێكی هەڵەی كوشندەیە ،دەمانباتە ناو ڕێگای بەمین كێڵراوی هەسارەی شەڕ،كە شەڕی ئەهلی یە لە عێراق.تەنها ئیعلانی بانگی دەوڵەتی سەربەخۆی خەڵكی كوردستان حەدی فاسڵە ،لە دوای ئەوە نەتیجەكە دەگۆڕێت ،ئەگەر ئەم شەڕە ئێستا خۆمان ئیعلانی بكەین مانای ئەوەیە پرسیارەكەمان ڕاست وەڵام داوەتەوە،ئەگەر نا ئەوە مانای ئەوەیە پرسیارەكەمان بە هەڵە وەڵام داوەتەوە

ئەوكاتە هاواربۆ ئەو غەشیمەی دەكەوێتە داوی پنتاگۆن و ئەمەریكاوە،هیچ گومانی تێدانیە كە بە شێوازی ئەمەریكی نەتیجەكەمان دەدرێتەوە كە هەڵە ڕاست دەخوات ،ئەوەی وەدەست هێنا بوو دەبێت لە دەستت بچێت .ئەم هەڵەیە هەڵەیەكە پەیوەندی بە هوشیاری یەوە هەیە شەقەكەی زۆر قورسەو هەڵەی وشیار بە هەزار.

## نا بۆ شەڕی بێ هوودەی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق

## بەڵی بۆ بانگی ئازادی و دەوڵەتی سەربەخۆی خەڵكی كوردستان